## گۆڤاری "نیشتمان"

کۆپی ژمارە ١ تا ٤ ی گۆڤاری بەنرخی "نیشتمان" ئۆرگانی کۆمەڵەی ژێکافم لە رێگەی برادەرێکی خۆشەویستەوە پێ گەیشتوە.

نرخی گۆڤارەکە لە گەلێک لایەنەوە زۆرە و بۆ توێژینەوە لە مێژووی ژێکاف و رێباز وسیاسەتەکانی گرنگترین سەرچاوەیە. من لێرەدا بە گوێرەی بابەت، ناچمە باسی گشتی و هەڵسەنگاندنی لایەنەکانی گۆڤارەکە و و تەنیا دەست نیشانی ئەو بابەتانە دەکەم کە بۆکان و خەڵکی خەڵکی بۆکان و ناوچەکەی دەگرێتەوە.

*ژمارە ١، ساڵی یەکەم، پووشپەری ١٣٢٢، جولای ١٩٤٣*

هیچ بابەتێکی پەیوەندیدار بە بۆکانی تێدا نییە. وتارێکی "م. فەرروخ" لە لاپەرە ٢٤ تا ٢٦ دا چاپ کراوە کە نازانرێت چ کەسێکە. تۆ بڵێی سمایل خانی فەڕروخی نەبێت؟

*ژمارە ٢، خەزەڵوەری ١٣٢٢ [١٩٤٣]*

"لە ناو کۆمەڵەدا چ باسە؟" لە شاری ک – K، برای راست ئەندامی ٦٧ سەرۆکی ئیدارەی مەحەللی ئەم شارەیە، ٤ دیناری عیراقی (٥٠٠ ریال)ی بۆ کۆمەگی چاپخانەی ناردبوو، وەرمان گرتووە."

یەکەم، شاری آ /ک – K بۆکانە؛

دووهەم، "برای راست" بە گوێرەی هەندێک کەس، خوالێخۆشبوو حاجی رەحمان ئاغای موهتەدی (ئێلخانی زادە) یە. بەڵام لێرەدا دەگوترێت *سەرۆکی ئیدارەی مەحەللی [کۆمەڵە]*. ئێمە دەزانین خوالێخۆشبوو قازی کاکە حەمەی قزڵجی ساڵێک دواتر، سەرۆک یا سەدری کومیتەی حیزبی دیموکرات لە بۆکان بووە. پرسیار ئەوەیە: ئایا سەرۆکی کۆمەڵە جیاواز بووە لە سەرۆکی حیزب؟ ئەگەر وانەبێت، ئەوا "برای راست" قازی کاکە حەمەیە نەک حاجی رەحمان ئاغا. ئەم باسە جێگای لێکۆڵینەوەیە و من ناموێت ئاڵۆزیی تێدا دروست بکەم.

*ژمارە ٣ و ٤، سەرماوەز و رێبەندانی ١٣٢٢ [١٩٤٤]*

- " کوردی دەبێ چۆن بنووسرێت؟" ، آ / ک، برای راست ٦٧

- "مەڕامی کۆمەڵەکەم دینگە"، آ/ک، ت/ع. هەژار ٢٠ [*مامۆستا هەژار ئەودەم نیشتەجێی بۆکان بوو*].
- دەسیاوی بۆ چاپ [یارمەتی دارایی] : ا – ع. هەژار، ١٠٠ ریال

*گۆڤاری نیشتمان، ئورگانی کۆمەڵەی ژێکاف، سەرنووسەر: ع. بێژەن [عبدالرحمان زەبیحی].*